## سه‌فـه‌ر

شێخ شه‌ریف / ئه‌ڵمانیا

تازه‌مانێ من حـاكمی مه‌مله‌كه‌تی دڵـی تۆ بـــووم
له‌سه‌ر عه‌رشی وه‌فاداری ته‌نها كه‌س و خانه‌خوێت بووم
كه‌چی باڵی بێ ده‌نگی تۆ به‌سته‌ڵه‌كی ووشـه‌ی دانا
ته‌نها نیگای چاوه‌كانت ده‌روازه‌ بوو ن له‌بۆ م هـانا
ده‌ست گره‌وه‌ش نه‌بووم گیانه‌ تا ده‌ستی تۆ بگرمه‌وه‌
له‌و دوا ده‌ست گوشینه‌ت خه‌ت به‌خه‌تی بخـوێنمه‌وه‌
پێت نه‌ووتم سه‌فه‌ر مه‌كه‌ وه‌ك سێبه‌رت به‌دووت دادێم
فریشته‌ی ئه‌وینی شێخی له‌هه‌ركوێ بم دێیته‌ سه‌ر ڕێم
له‌نیگاتا په‌شێمانی ئـه‌م سه‌فه‌ره‌م بـه‌دی ئه‌كرد
كاشكا هێنده‌ توانات ده‌بوو ده‌ست و پێمت په‌یوه‌ند ده‌كرد
له‌ئه‌وینه‌ شێته‌كه‌ی من چی دی ماوه‌ به‌دی نـه‌كه‌ی ؟
بۆچی ماوه‌ له‌سه‌ر سه‌كۆی دادگای عه‌شق پێمی نه‌كه‌ی ؟
دواتر زانیت ئـه‌و ووڵاته‌ بـه‌بێ منی پێوه‌دیـاره‌
بۆ پایزی تـه‌مه‌نی تۆ له‌لای شێخه‌ ئـه‌و هـه‌واره‌
هه‌رچه‌ند ووڵات تۆی له‌ ئامێز به‌هه‌شتی خوای سه‌ر زه‌وی بوو
بۆ چۆڵت كـرد ؟ گه‌ڕانه‌وم بـۆ باوه‌شتان زۆرنزیك بـوو

Sharif-k@web.de